دەنگدان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی یاسادانان لە وڵاتی دوورگەکانی قەمەر دەستپێکرد

دەنگدەران لە وڵاتی دوورگەکانی قەمەر ئەمڕۆ یەکشەممە چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ دەنگدان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی یاسادانان لەو وڵاتە.

نزیکەی 339 هەزار دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کە بەپێی یاسایەک کە لە مانگی شوباتی ساڵی 2024 دەرچوو، ژمارەی کورسییەکانی بە 33 کورسی زیادکراوە.

بەیارە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان لە 16ـی شوبات ئەنجام بدرێت کە هاوکات بێت لەگەڵ هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە کە دەکەوێتە کیشوەری ئەفریقا.